چیرۆک

# نهێنییەک ئەم شارە نەخۆش دەخات

**باوکی ئیمپراتۆر**

تەنها شتێک وای کرد کتێبم خۆشبوێت ئەو گۆشەگیری و کەم دوییەم بوو لەگەڵ چواردەور و دیوارەدا.

نامۆبوون بەسەر سفرەی باوک و حەرەمی کۆبوونەوەی خوشک و براکانم زیاتر ڕووخسارێکی کەم خوێن و سارد و سڕی لای برا و خوشکەکانم دروست دەکرد بە جۆرێک هەندێک جار کە لە تەکیان دادەنیشتم هەریەک لە جێی خۆی خۆی گرمۆڵە دەکرد و ئەیان ووت چی دزەی کردۆتە ئەم ماڵە.

دایکم ئەو کاتەی بێزووی بە منەوە کردووە ئەڵێت:

لەو ڕۆژەوە هەستم بەستوونێکی ساردی کردووە لە ڕۆحما کە بەردەوام خانە خانەی جەستەم دەکاتە زووقم.

ئەو کاتەی وەک قاڵبە سەهۆڵیک دەرئەکەوتم براکەم ئەینەڕاند

ئەودەرگا و مەنهۆڵانە داخەن، پەردەکان دایەنەوە کون بڕیکەن ئەم ژوورە، ئەم دەردە تاعون دەهێنێت پەتایەکی کوشندە لە تاریکیدا ئەیەوێت باز بداتە خوێنمان.

نامۆبوون وا دەکات لە ڕێگای تێکست و کتێبەکانەوە تێکەڵی دونیا بیت

لە ماڵی ئێمە ئاوێنە جوانترین دیکۆری ماڵمان بوو، ئەو بۆفی و کەوانتەر و مەعرەز و ئارمواره گەورە و بچوکانەی باوکم ئەیکرین یەک پارچە شوشەبەند و ئاوێنە بوون.

پسکە پسک خۆم لە ئاوێنەکان ئەشاردەوە و بە پێدزکێ ئەگەڕامەوە گۆشەیەکی فەرامۆشکراو. کە خانەی پیرێتی باپیرم بوو. ئەو کاتەی باپیرم پیر و کەنەفت و قێزەون ژیاوە لێرە لەم گۆشە تاریک و فەرامۆشکراوەی ماڵدا لەگەڵ کتێبدا ژیاوە.

من ڕوخساری خۆم ناناسم لەبەر ئەوە نیە چارەی خۆمم ناوێت و ڕقم لە هەیکەلی خۆمە. . . نا! تەنها لەبەر ئەوەی من دەزانم نزیک بوونەوەم لەم ئاوێنە و شوشانە زیلزال دەخاتەوە. ئەوەش دەزانم هەرکەس لەبراو خوشک دراوسێ و هاوڕێکانم هەریەکی و بە جۆرێک ئاوێنە دەناسن.

ئەوان لەو ڕوخسارە ئاشکراو ڕوونەی خۆیان ڕازین، کەیفیان بە ڕوبەڕوو بوونەوە دێت لەگەڵ ئاوێنەدا ئەوەی پتر دەیترساندم ئەو تێکەڵە ڕۆحی و عاتیفییە بوو لە نێوان ئەهلی شار. کە بە دریژایی تەمەنم گوێم لێی دەبوو لە نیوان هاوڕێکانمدا لە مەسافە کورت کورت و پان و بەرینی فیلمەکاندا لە ناو ئەو دەق و تێکستە نەخۆشانەدا کە دەڵێت: وەرە ببینە ئاوێنەی یەکتر، لە مندا دەتوانی خۆت بدۆزیتەوە، دەتوانیت ڕوبەڕوم ڕابوەستی و شکۆمەندی ڕوخسارت چاوکەیت. وەرە ببینە لەش و لارو ڕوخساری یەک ڕوت وقوت، با کاتێک یەکمان دیت ئەو نمەبارانانە ببینین وورد وورد بەردەبنەوە سەر شانمان.

لەمندا ببینە ماکیاژەکەت چەند تۆخ و کەسکونە. ڕادەچڵەکێم و لەرزێکی سارد دەیهێنامەوە گۆشە تارەکەم.

بالآیەکی وەک تەناف باریک و دوور مەودا سەروقژێکی وەک گژوگیای جەنگەڵ نامە ئلوف و شێواو. دوو چاوی تێکەڵ لە ڕەش و سوور و ترسناک دەست و پەنجەی وەک دەست و پەنجەی درەختەکان پاش وەرزی خەزان کەم جوڵە و تەریب. هەیکەلی ئەو پیاوە مووسافیرە بوو کە وەک تەلیسم بەسەر شەقام و جادە خۆڵەکاندا دەهات و دەچوو.
پیاوێک ناوی خۆی نازانێت. نامۆ بە ڕووخسار و ئالودە بە تاریکی کە بە کۆڵاندا وەک شەبەح تێدەپەڕێت منداڵان بە لوشکەلوشک ڕایان دەکردەماڵەوە و خۆیان فڕێدەدایە باوەشی داکیان. ئەو ژنە مەکربازانەی هاوینان
 بەردەرگایان ئاوڕشێن دەکرد. لەنجەو لاریان لەگەڵ غەریزەی پیاواندا ئەدا بەشەڕ بە دەرکەوتنی ئەم خۆیان دادەپۆسی و خۆیان دەخزاندە نوێنەکانەوە.
ئەو بێزار نەبوو لەو هەنگاوە شەکەت و لەو نەفرەتەی لە دڵیدا وەک پشکۆ گەش بۆتەوە لەو دەردەی ئەشێ ڕۆژێک وەک تاعون شار ئالودەی خرۆشان و لێکترازانێکی ئەبەدی کات. هەرگیز دڵی بە خۆی ناسووتێت ئەو ناکامییە لای ئەم یاسا و ڕێسای هەیە بێهۆ نییە نەفرەت لە چاویدا گەورە دەکات. جگەرەیەک دەخاتە بەینی پەنجە کۆڵەوژییەکانی و سەرو کەللەی لە دوکەڵی جگەرەکەیدا دەشارێتەوە. ئەم لە مێژەوە دەزانێت ئاوێنەی خۆشناوێت. . . !
من نهینییەک گەورە دەکەم ڕۆژانە بەیت بەیتی ئەم نهێنییە لێک جودا دەکەمەوە. تاڵ تاڵی ئەم تاریکییە دەخەمەوە جێگای خۆی، هەمیشە بەدوای شتێکدا گەڕاوم لە وجودمدا بریقەدار و لەناو شاردا بێ مانا و بێ تەفسیر. ئەزانم ئەوان لە مندا بۆ شتێک دەگەڕێن ووردودرووشت بە ناسینم موبتەلان، ئاخر ناسین بە سوڕێک نهێنی و بەبەشێک لە نادیاردا تێدەپەڕێت. ناسین کاتێک کە سەیری ئاوێنەت کردو ڕوخسارت درز نەبات بتوانیت کە لە نێوان هاوڕێکانتدا دانیشتی تۆپەڵێک نەفرەت و ڕەشاییەکی بێتەفسیر نەبیت. . !
یەکترناسین. . . . !
ترسێکە لە ئاشکرا کردنی ئەو یاسایەی لەم شارەدا تۆفانە.
لە نزیکیم ئەترسم لەو باڵندانەی لەبەر پەنجەرەکەمدا هەڵدەکوڕمێن لە نیگا کردنی ئەو پەلەوەرە ڕەشانەی بە ڕێسایەکی نهێنی دەفڕن.
ئەوان بەدوامدا دەگەڕێن ئەگەرچی من بەدوای تاریکییەوەم.
سەیرە وەک ئەوەی بروسکە بەر زاکیرەم بکەوێت ئەکەومە یادی یەکەمین دیدارم لەگەڵ کوڕێکی خوێن گەرم و دۆستی نزیکیەکی ئەبەدی. یەکەمین ووشە لەیەکەمین دیداردا لێی پرسیم:ناوت چییە؟
خەڵکی کوێیت؟
کارت چییە و لەکوێ دەژیت؟
 حەزت لەچییەو. . . . . . . . . !
لە پڕ وەک ئەوەی هەست بکات بەهەڵەداچوبێت وەک ئەوەی جنۆکە دەستی لێ بەرز کردبێتەوە لەتاریکیدا وەک ئەوەی بیەوێت بڕشێتەوە هەستاو دەستی چەپی خستە سەر ڕوخساری وبەدەستی ڕاست جانتاکەی هەڵگرت وبەسەر ڕاوەشاندن وای تێگەیاندم کەڕەنگەبگەڕێتەوەو ڕەنگیشە نا. . . . !
هەست کردن بەوەی نهێنییەک بەخێو دەکەیت دەست کاری ئەونیگایانە دەکات کتوپڕ بەرتۆ دەکەون دواجار نەفرەت نەبێت هیچ ئاسەوارێک جێناهێڵن.

ئەو کاتانەی لە دەستی ئەو تەبایی وڕێککەوتن و پەیمانە ساختانەی شارهەڵدێم وەک سەگێکی گلاوی ڕەش دەگەڕێمەوە گۆشە تاریکەکەم کە باپیرم بەنامۆیی ساڵانێکی دریژ نەیتوانیوە لەگەڵ چواردەور و دیواردا بژی لێرە لەگەڵ کتێبدا ژیاوە.

ئەوپیاوە تاقەتێکی باشی لەگەڵ دواندنی شەودا پەیدا کردووە لەگەڵ ئەو شتە زۆر وردو سادانەیا تەبایە کە ژیان لەگەڵیان تاقەت پڕوکێنە، ڕۆژێک موسافیر بڕیار دەدات پیاسەی ئێوارانی لەسەر شەقام وجادە و کۆڵانەکان چیتر کۆکاتەوە بۆ ئەوەی ئارامی ئەوانیتر نەشێوێت تا ئەو تابایی و پەیمانە سادەو بچوکانە بەردەوام بێت کەوەک منداڵ دڵی شاریان ژیر کردووە.

هەموو جارێک کە لێی نزیک بونەتەوە بیناسن ترسێکی وەک سەهۆڵ سارد لەرزێکی تاقەت پڕوکێن لە یەکەمین نیگاکردنیاندا ڕۆدەچێتە گیانیانەوە و وەک مریشکی نەخۆش بێهێز وبێجوڵە دەکەون.

ئەوپیاوە دەیەوێت بچێتە دەرێ جانتاکەی کەپڕە لەنهێنی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت وئەو تاریکییەش کۆ دەکاتەوە کە ئەم شارەی بەدگومان کردووە.

ئەم شەو بەوردی دەستم لەسەر دڵمە هێواش چاوەکانم کە لە میوەی گەیو دەچن هەڵگلۆفت پەنجەکانم وەک چڵ و چێو پشتی یەک دەتەقێنن.

بڕیارم دا هەڵبێم ساڵانێکی درێژە بەدوای تاریکییەوەم لەسەر هێلێکی ساردوسڕی نهێنییەکی گەورەدا دەژیم، بەیانی زوو دەرگای ماڵەوە دەترازێنم وەک قالبێک سەهۆڵ بەلای هەناسەی خوشک و براکانما تێدەپەڕم، دەچمە دەرێ کەس بەدوای منەوە نییە سێبەری نهێنییەک نەبێت لەمنداڵییەوە گەورەی دەکەم، لەناو هەوایەکی پاکدا لە تاریکیدا ئەو پیاوە دەبینم سڵم لێناکاتەوە هەست بەگەرمی خوێنی یەک دەکەین ئەو وورد وورد بەرەو ڕوم دێت لەدڵەوە هەست دەکەین ئێستا ئەم شارە دەشێوێت وەک نەخشەی ئەندازیارە بچکۆلەکە،

ئەم شاقام و جادە و کۆڵان و ماڵە بەرزانە وەک تەزبیحەکەی باپیرم دەچڕێنەوە.

ئەم شارە لەوە ناسکترە ژن و پیاوێکی تاریک ببینێت و نەخۆش نەکەوێت لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا بەرەوڕوی من دەڵێت: ئەم شارە لەم دیدارەوە تێک دەچێت لەگەڵ هەموو دەست بردنێکم دا دەڵێم: ئاشکرابوونی من وتۆ لەم گۆشە ڕووناکەی یەکتردا ئەم شارە یەکپارچە دەکاتە زوڵمەت. . . . . . !!!